## سەلاح مەجید: ئەو دەسەلاتەی لە کوردستان هەیە هیچ پارمەتییەکی هونەری کوردیی نەداوە .. ئا: ئاسۆ



پێویست بەناساندن ناکات (سەلاح مەجید) بەسۆزی دەنگ و هەناسەی پڕ لە گۆرانی ئامادەیی لە ئەندێشەو بیرماندا هەیە، دوای دەساڵ ژیانی لە تاراوگە و لەگەڕانەوەی دا بۆ کوردستان ئێمە دواندمان تابزانین سەرقاڵی چییەو چۆن باسی هونەری کوردی دەکات؟ تابزانین خەمەکانی چین و چۆن دەیەوی گوزارشتیان لێبکات!

**پ:** دەکرێت بزانین بارودۆخی هونەریی لەتاراوگە چۆنەو هونەرمەندانی کورد تاچەند سوودمەند بوون لە ئەوروپا، تۆ خۆت دەساڵە لەوی دەژیت تا چەند توانیووتە کارە هونەرییەکانت بەریتە پێشەوە؟

**سەلاح مەجید:** لەراستیدا ئەوەی من بینیوومەو ئەوەندەی کە هونەرمەندان دەبینم لەئەورووپادا هونەرمەند ئەو کارەی نەکردووە وەك پێویست بێت چونکە هیچ یارمەتییەك نەبووە لەپشتییەوە، هەرکاتێك ویستبێتی بچێتە سەر ئیشی گەڕاوە بەدوای مۆسیقییەکدا یەکێکیان خۆمم گەڕاوم بەشوێن مۆسیقییەکدا سۆلۆیەکم بۆ وەربگرێت لەوکارەدا کە دەیکەم، من دەساڵە لەئەورووپا توانیومە چوار بەرهەمم هەبێت ئەو چوار بەرهەمەش بەیارمەتی هونەرمەندی گەورە نامدار عومەر قەرەداغی بووە، ئەو هونەرمەندانەشی لە ئەورووپان دەرفەتێکی ئەوتۆیان نەبووە بێن لەگەڵ مندا یان لەگەڵ هونەرمەندێکی تردا کاربکەن چونکە سەرقاڵی ژیانی رۆژانەیانن بۆیە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست لەگەڵ ئێمەدا کاربکەن.

**پ:** دەسەڵاتی کوردیی گرنگی بەنەوەیەك دەدات لەگۆرانیبێژان کە هیچ زیادەیەکیان نەخستۆتە سەر کەلەپووری گۆرانی کوردی بەپێچەوانەوە کارەکانیان کۆپیکردنی ئاوازو ستایلی بێگانەیە تۆ وەك هونەرمەندێك چۆن لەمە دەڕوانیت؟

**سەلاح مەجید:** من یەکێکم لەگەڵ ئەو کەسانەی کەرەخنە لەو گۆرانیبێژو هونەرمەندو مۆسیقیانە دەگرم کە تاوەکو ئێستا ئەوەی هێناویانە ئاوازی تورکی و فارسی و عەرەبییە و هیچ کارێکیان نەکردووە بۆئەوەی کولتووری خۆمان زیندووبکەنەوە وەك فۆلکلۆرەکان نەهاتوون جوانکاریی تیابکەن بەڵکو دانیشتوون لاسایی تورکێکیان کردۆتەوە هەتا جلوبەرگەکانیشیان هەر تورکی و ئێرانییە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسیان دان بەوەدا نانێن کەشتێکی کوردیی نییە.

**پ:** داگیرکەرانی کوردستان یەك لە ئامانجەکانیان سڕینەوەی کولتوری کوردیی بووە بەڕای تۆ ئەو بەناو هونەرمەندانەی گۆرانی بیانی و بێگانەمان بەکوردیی پێدەفرۆشنەوە هەمان کارناکەن؟

**سەلاح مەجید:** هەموومان دەزانین دوژمنی سەرسەختی کورد چۆنە و ویستوویانە کولتوری ئێمە بسڕنەوە و ئەو سامانە فۆلکلۆرییانەی کە هەمانە هەموویان دزیوەو بردوویانە بەمدیوو ئەو دیودا، ئێمە لەبری ئەوەی شتەکانی خۆمان کۆبکەینەوە بەپێچەوانەوە رەفتار دەکەین.

هەیە گۆرانی تورکی دەڵیو دەڵی ئەمە لە بنەڕەتدا گۆرانییە کە کوردییەو ئێمە هێناومانەتەوە و دەیکەینەوە بەکوردی چونکە تورك دزیویەتی یان فارس دزیویەتی لێمان.

**پ:** دەسەڵات زیاتر بایەخ بەو گۆرانیبێژانە دەدات کە بەستایلی بێگانە کاردەکەن ئەمە نیشانەی چییە؟

**سەلاح مەجید:** بەداخەوە ئەو دەسەڵاتەی لەکوردستاندا هەیە یارمەتییەکی هونەری کوردیی نەداوە، بەڵکو یارمەتی ئەو هونەرمەندانەی داوە کە هەندی گۆرانیان کردووە بەمدیوودا، بەڵام وەك گۆرانیبێژانی رەسەنی کورد نەیانتوانیوە هیچ خزمەتێکیان بکەن لەهەموو ڕوویەکەوە.

**پ:** چەندان جار گۆرانیبێژێکی بێگانە داوەت دەکرێن بەبرێکی خەیاڵی پارە ئەمە سەرەڕای بڵاوکردنەوەی کولتووری بێگانەیە باشتر نییە دەسەڵاتی کوردیی ئەو پارەیە بداتە هونەرمەندانی خۆمان؟

**سەلاح مەجید:** زۆر باشتربوو، ئەوەی بۆ ئەوانی سەرف دەکەن چارەگی ئەوە بۆ گۆرانیبێژو هونەرمەندانی خۆمانی سەرف بکەن چاکترە، باقی پارەکەی تر بدات بەئامێرو تیپەکان و ئەو گەنجانەی کە ئێستا خەریکی مۆسیقان و مامۆستایان بۆ بەکری بگرێت. بەراستی هێنانی ئەو هونەرمەندانە شتێکی باش نییەو وێرانکردنی کولتوری خۆمانە.

**پ:** دەبینین ئەمرۆ بایەخ بەهونەرمەندانی رەسەن نادرێت لەلایەکی ترەوە دەسەڵات سەرقاڵی هونەرمەندانی پارچەکانی ترو هەندەرانە بەجۆرێك کە هونەرمەندانی باشوور لەبیرکراون چۆن ئەمە دەبینیت؟

**سەلاح مەجید:** هەندی هونەرمەند هەیە دەتوانم پەنجەیان بۆ رابکێشم و ناونیشانیان بهێنم ئەوەی بۆ ئەوان کراوە چارەکی ئەوە بۆ هونەرمەندانی تر سەرف نەکراوە، تا ئێستا هیچ شتێك بۆ هونەرمەندی خۆمان نەکراوە، هونەرمەندێکی زۆر دۆست و دێرنیم پارچەیەك زەویان پێداوە لەتاو قەرزاریی و بی پارەیی فرۆشتوویەتی رەخنەیان لێگرتووە، ئاخر بەچی بیکات بەخانوو؟ زۆر ناعەدالەتی هەیە لەهەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی بەرامبەر بەهونەرمەند.

**پ:** زۆرجار کەناڵەکانی راگەیاندن هونەرمەندان داوەت دەکەن تۆ تا ئێستا بانگهێشت کراویت؟

**سەلاح مەجید:** هیچ شتێك بۆ من نەکراوە، هیچ بانگهێشت نەکراوم، تا ئێستا بەخۆمەوە نەدیووە داوایەکی من بکەن بۆئەوەی وەك هونەرمەندێك بەسەرم بکەنەوە، چەندان هونەرمەندی تریش هەیە وەك لەنزیکەوە ئاگام لێیە دیسانەوە ئەوانیش بۆیان نەکراوە.

**پ:** هونەرمەندانی کورد تا لەژیاندان پەراوێز دەخرێن بەڵام دوای مردنیان گەورەدەکرێن بۆ نمونە ئازاد خانەقینی یەکێك بوو لەو نموونانە چۆن دەکرێت لەم نەریتە قوتار بین؟

**سەلاح مەجید:** پێموایە دوای مردنیشی ئەو بایەخەی پێنادرێت، وەك ئازاد خانەقینی ئەوی من لەئازاد شارەزابووم و بیستوومە و چەند جارێکیش بەیەکەوە قسەمان کردبوو ئەو پیاوە ماندوو نەناس و پێشمەگەر بوو، بەڵام وەك پێویست هیچی بۆ نەکرا، من بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کرد زۆر سکاڵای کرد لەسەرئەوەی هیچی بۆ نەکراوە، ئەو کارەساتەشی لی بەسەرهات وەك پێویست نەچوون بەدەنگییەوە یان یارمەتییەکی ئەوتۆیان نەدا تاچاسەری خۆی بکات.

**پ:** ساڵی 2003 گەڕایتەوە بۆ کوردستان و چوار بەرهەمت بۆ خاك تۆمار کرد بەڵام تەنیا یەك گۆرانیان لێدەدرێت و دیارە، هۆی چییە گۆرانییەکانی تر ونن؟

**سەلاح مەجید:** لەراستیدا خۆشم نازانم، من چەند جارێکیش موتابەعەم کردووە و بەتەلەفۆنیش قسەم لەگەڵ کردوون، ساڵی 2003 کە هاتمەوە بۆ وڵات چوار کلیپیان بۆ کردم یەکێکیان کاك دڵشاد مستەفا بۆیکردم تەنیا ئەوەیانم بینیووە و سیانەکەی تر دیار نین.
نازانم زۆر ئاڵۆزە، چەند جارێك داوام کردووە بەڵام یەکێکیان دەڵی هێشتا لەمۆنتاژەو یەکێکیان دەڵی بەخوا نازانین و یەکێکیان دەڵی ئێستا پیشان دەدرێت، بەڵام هیچ کەسێك لەتەلەفزیۆنەکاندا نەیبینیووە یەکجار نەبێت لە تەلەفزیۆنی خاك گۆرانی نەوبەهار لێدرابوو کە ئاوازی زەمەند نوری و شیعری ئەحمەد محەمەدە.

**پ**: بەیەك دێر ڕای خۆت لەبەرامبەر ئەم هونەرمەندانە بڵێ (ناسری رەزازی، عەدنان کەریم، خالید رەشید، زەکەریا، زیاد ئەسعەد، لەیلا فەریقی) .

**سەلاح مەجید**: ناسری ڕەزازی هونەرمەندێکی سەرکەوتووە و خۆشەویستە لەناو جەماوەردا .

-عەدنان کەریم ئەویش دیسانەوە کەسێکە من خۆشم دەوێت وەك خۆم و وەك هونەرمەندێك .

-خالید رەشید مرۆڤێکی رێکوپێك و رۆح سوك و هەناسە درێژە .

-زەکەریا بەراستی زۆرم شت لەسەری هەیە وەك بۆچوونی خۆم .

-زیاد هونەرمەندێکی زۆر باشە .

-لەیلا فەریقی زۆر بەهێزە .